http: //back. ^ to/kurd

# شـــانۆنامـــە

## بیرتۆڵد برێشت

## ســـــــواڵکەرەکە
## یـــــان
## ســـــــەگـــــە مـــــــردووەکـــــــە

سەلام عەبدوڵلا و فاخر حەمدی لە ئەڵمانییەوە کردوویانن بە کوردی

پەردەی یەکەم: دەروازەیەکی گەورە ، لەلای ڕاستییەوە سواڵکەرێك دەست بە ئەژنۆ دانیشتووە. لاوێکی بالا بەرزی چوار شانە ، نێوچاوان گەچراوی جل شڕ ، ئۆرگۆنێکی دەستیی پێیە لەژێر کەلوپەلەکانیدا داناوە.

کات: بەیانییە. دەنگی تۆپ دنیای هەڵگرتووە.

قەیسەر: بەقژێکی سوورو نەختێك درێژ ، بەسەری ڕووت و ، بە پاسەوانێکی زۆرەوە دەردەکەوێ. ڕەنگ وەنەوشەییەکانی لەپەموو دروستکراون. زەنگی کلێساکان بەرزدەبێتەوە.

قەیسەر: ئێستا کە بۆ ئاهەنگێڕانی سەرکەوتن ، بەسەر دوژمنە هەرە گەورەکەمدا دەڕۆم ، خەڵکی وڵاتەکەم ناوم لەگەڵ بخوری پیرۆز(١) تێکەڵ دەکەن. کابرایەکی سواڵکەری پیس لە پێش دانیشتووە ، بۆنی نەگبەتیی لێ دێت. لە نێوان ئەم دوو ڕووداوە بێ وێنەیەدا ناکرێ لەگەلیدا نەدوێم.

( پاسـەوانەکانی دەکشـێنە دواوە )

قەیسەر: کابرا تۆ دەزانی زەنگەکان بۆچ لێدەدەن ؟

سواڵکەر: بەڵێ ، چونکە سـەگەکـەم مـردووە.

قەیسەر: زمـان درێـژی دەکەی ؟

سواڵکەر: نەخێر هۆیەکەی لاوازیی و پیریی بوو. تا دوا هەناسەی ، خۆی ڕاگرت. بیرم لەوە دەکردەوە بۆچی قـاچەکانی بەو شێوەیە دەلەرزێن ، بە درێژایی شەو پەلەکانی بەم شێوەیە دانا بوو, تەنانەت کە هەواش ساردی کرد ، ئێمە هەر بەو شێوەیە پاڵمان دابوویەوە. بەلاَم ئەم بەیانییە وەختێکی زۆر بەسەر گیاندانیدا بەسەرچووە ، من هەر ئەم شان و ئەو شانم پێدەکرد. ئێستاش ناتوانم بگەڕێمەوە ماڵەوە ، چونکە بۆگەنی کردووەو ، بۆنی لێوە دێت.

قەیسەر: بۆچی فڕەی نادەیـت ؟

سواڵکەر: بەتۆ چی ؟! تۆ سنگێکی قوپاوت پێوەیە لەژێراب دەچێ. چونکە پرسیارێکی زۆر گێلانەت کرد. هەموو پرسیارەکانت گەوجانە بوون و ئەم پرسیارەشیانت هەروابـوو.

قەیسەر: سەرەرای ئەوەش پرسیارێکی ترت لێدەکەم. کـێ یارمەتیت دەدات ؟ ئەگەر کەس یارمەتیت نادات ، دەبێ بەزووترین کات لێرە بڕۆیت ، چونکە لێرە نابێ هیچ تۆپیوێك بۆنی بێت هیچ هاوارێك بەرزبێتەوە.

سوالّکەر: هاوارم کـردووە ؟

قەیسەر: ئەمجارەیان تۆ خۆت پرسیار دەکەیت. هەرچەند گالّتەجارییەکی تێدایە کە من لێی تێناگەم.

سوالّکەر: وایە. ئاگادار نیم ، هەروا پرسیار دەکەم پەیوەندی بەخۆمەوە هەیە.

قەیسەر: من گوێ لە تۆ ناگرم ، بەلاّم پێم بلّێ کـێ یارمەتیت دەدات ؟

سوالّکەر: گەنجێك هەیە ، دوای ئەوەی بڕێك پەتاتە کۆدەکاتەوە ، جارجارە دێت بۆ لام و یارمەتیم دەدات.

قەیسەر: کوڕت نییە ؟

سوالّکەر: بەلّێ نازانم چی بەسەر هاتووە.

قەیسەر: وەکو لەشکری قەیسەر (چـالّە ) لـمی بیابانەکان قووتی داوە ؟

سوالّکەر: ڕێگای بیابانیان گرتە بەر. پیاوەکانی پێیان وت ( تالـیTali ) ڕێگاکە زۆر دوورە ، بگەڕێووە , ئەویش هەموو جارێك دووبارەی دەکردەوە. دەبێ ئەم ولاّتە داگیر بکەین. هەموو رۆژێ بەرەو پێش دەڕۆیشتن. هەتا پێلاّوەکانیان ئەنجرو ونجڕ بوون. پاشان پێستیان داڕزا , سەرەڕای ئەمانەش بە گالۆك لەسەر ئەژنۆ بەرەو پێش دەرۆیشتن. جارێکیان حوشترێك بەر گەردەلوول کەوت و بە بەر چاویانەوە گیانی دەرچوو. جارێکیشیان گەیشتنە سەر گۆمێك وتیان ئەمە لە ولاّتەکەمان دەچێ. لەوێدا کوڕە بچووکەکەی قەیسەر کەوتە ناو ئاوەکەو خنکا ، حەوت رۆژ پرسەیان بۆ دانا ، ئازارەکەیان کۆتایی پێنەهات. جاێکی تر بەبەر چاویانەوە ئەسپەکانیان دەتۆپن. جارێکی تر ژنەکانیان نەیانتوانی چیتر لەگەلّیاندا برۆن. ڕۆژێکیان گەردەلوول هەلیکرد و سەربازەکانی داپۆشی ، ئیتر قڕانیان تێکەوت. دنیـا هێمـن بووەوەو ولاّتەکە بوو بە هـی ئەوان. منیش ناوی ئەو ولاّتەم لە بیر چۆتەوە.

قەیسەر: پێم نالّێی ئەم چیرۆکەت لە کوێ هێناوە ؟ ئەوە هیچی ڕاست نییەو , بەسەر هاتەکە بە شێوەیەکی ترە.

سوالّکەر: ئەو کاتەی کە ئەو بەهێزبوو ، من وەکو مندالّێکی ئەو وابووم ، بەرەو پێشەوە گاگۆتکێم کرد, چونکە من قەت بەوە ڕازی نەبووم فرمانم بەسەردا بسەپێنێ.

قەیسەر: ئەوە تۆ باسـی چـی دەکەی ؟

سوالّکەر: هەور دەڕۆیی. لەنیوە شەودا بریسکە بریسکی ئەستێرەکان دەرکەوتن. ئەمـجار دنیا کش ومات بوو.

قەیسەر: هەوریش دەنگی لێوە دێ ؟

سوالّکەر: هەفتەی پێشوو لافاوێك هەستا ، هەندێك کەس لەکەلاوە پیسەکانیاندا لە ڕۆخی ڕووبارەکەدا مردن. تەنانەت بە پالّەپەستۆش نەیانتوانی خۆیان دەرباز بکەن.

قەیسەر: تۆ کە ئەم هەمووە دەزانیت ، قەت خەوت لێدەکەوێت ؟

سواڵكەر: كاتێك كە لەسەر بەردەكان پاڵدەكەوم , ئەو منداڵەی كە لە دایكبووە دەزیرِێنیَ و پاشان بایەكی نویَ هەڵدەكات.

قەیسەر: دوێنیَ شەو ئاسمان بە ئەستێرە دەگەشایەوە , كەس لە رووبارەكەدا نەخنكا و هیچ بایەكی نوێش هەڵینەكرد.

سواڵكەر: كەواتە تۆ یان كوێر و كەرِو نەفامیت , یان بەدخووی.

( پشـــــــــــــــوو )

قەیسەر: تۆ چی دەكەی , من قەت چاوم بەتۆ نەكەوتووە , تۆ لە چ توخمێكی؟

سواڵكەر: ئەمرِۆ هەستم بەوە كرد كە باری كێڵگەی گەنمەشامێكان زۆر بێبەرە. چونكە ئەمساڵ بارانەكەی كەم بوو. هەر بۆیە بایەكی گەرم لە كێڵگەكانەوە هەڵیانكرد.

قەیسەر: راست دەكەیت گەنمەشامێكان خرا پن.

سواڵكەر: سیوهەشت ساڵ بەر لە ئێستا , هەمان شت روویدا. ئەو ساڵە گەرمایەكی زۆر هات , بەر لەوەی گەنمە شامێكان تیا بچن , بارانێكی زۆر باری , پاشان جرجێكی بیَ ژمار پەیدا بوون , هەموو كێڵگەكانیان وێرانكرد. دواتر روویان كردە ناو دێهاتەكان و دەستیان كرد بە مرۆڤ خواردن و بەسەر ئەم جۆرە خۆراكەوە تۆپین.

قەیسەر: لەم بارەشیان ئاگادار نیم. ئەمەش وەكوو چیرۆكەكانی تر داتاشراوە. لە مێژوودا هیچ شتیكی لەو جۆرە باس نەكراوە.

سواڵكەر: هیچ مێژووییەك نییە.

قەیسەر: ئەی ئەسكەندەر ؟ ئەی سێزار؟ ئەی ناپۆلیۆن ؟

سواڵكەر: مێژوو. . ! مەبەستت لە ناپۆلیۆن كێیە ؟

قەیسەر: ئەو كەسەی نیوەی دنیای داگیركرد , پاشان لەبەر بوغرایی بوون تیاچوو ! ! !

سواڵكەر: تەنیا ئەو كەسە خۆی و جیهان. باوەرِ بەشتی وادەكەن. ئەمەش هەڵەیە. لەراستیدا ناپۆلیۆن پیاوێك بوو كە لە پاپۆرِێكی جەنگییدا سەولَی لێدەداو كەللەیەكی زلی پێوەبوو , ئەوانی تر دەیانگوت , ئێمە ناتوانین سەولَ لێبدەین , چونكە هیچ جێگایەك بۆ ئانیشكمان نەماوەتەوە. كاتێك كە پاپۆرِەكە نوقووم بوو, لەبەر ئەوەی سەولْیان بۆ لێنەدرا , ئەو فووی كردە ناو كەللەی و توانی بەسەر ئاوەوە بمێنێتەوە. چونكە بەتوانا بوو توانی لەسەولَ لێداندا بەردەوام بێت ,ئەو نەیدەبینی بەرەو كویَ و ئەوانی تریش هەموویان خنكان. ئەمجار سەری بەسەر جیهاندا راشەقاندو لەبەر ئەوەی كەللەی زۆر قورس بوو لێی بووەوە و كەوتە خواریَ.

قەیسەر: ئەمەیا قۆرترین چیرۆكە كە تا ئێستا بیستبێتم. بەراستی تۆ بەم حیكایەتە گەوجانەیە , دڵی منت شكاند. هەرچۆنێك بێت چیرۆكەكانی ترت باشتر دەگێرِایەوە. بەهەرحاڵ رِات بەرامبەر بە فەیسەر چییە ؟

سواڵکەر: هیچ جۆرە قەیسەرێك نییە , ئەوە تەنیا میللەتە کە پێی وایە قەیسەر هەیە , تەنیا خودی قەیسەر بڕوای بە بوونی خۆی هەیە. بەلاّم کاتێ کە ئۆتۆمبیلێکی جەنگی زۆر دروستکراو تەپلێکی زۆر لێدرا ئەو کاتە جەنگ دەقەومێ و بەدوای دوژمنێکدا دەگەڕێن.

قەیسەر: بەلاّم ئێستا قەیسەر بەسەر دوژمنەکەیدا سەرکەوت.

سواڵکەر: نەخێر سەرنەکەوت بەسەریا , بەڵکو کوشتی , بێ ئەقلێك بێ ئەقلێکی کووشت.

قەیسەر: ( دانی بەخۆیدا گرت ) , باوەڕم پێبکە دوژمنێکی زۆر بەتوانا بوو ,

سواڵکەر: دوژمنی من ئەو کەسەیە کە بەرد دەخاتە ناو برنجەکەمەوە. ئەو خۆی بەوە هەڵدەکێشا کە بازوویەکی زۆر بەهێزی هەبوو, بەلاّم بەنەخۆشی شێرپەنجە مرد, کاتێ کەخستیانە ناو دارمەیتەکەیەوە ئاگایان لەوە نەبوو کە دەستیان بەر دارتەختەی دارەمەیتەکە خستووە. کاتێ کە دارمەیتەکەیان هەڵگرت بازووی شۆڕ ببووەوە , بەبێ تواناو ڕەق و ڕووت.

قەیسەر: ئەرێ ئەوە تۆ هیچ لەو جۆرە پاڵکەوتنە بێزار نابیت ؟

سواڵکەر: جاران بە بەردەوامی هەورەکان بە ئاسماندا دەکشان , من تەماشام دەکردن بە هیچ جۆرێك تەواو نەدەبوون.

قەیسەر: خۆ ئێستا هیچ هەورێك بە ئاسمانەوە نییە. کەواتە تۆ قسەی قۆڕ دەکەیت. ئەمەیان هەروەکو ڕۆژ ئاشکرایە.

سواڵکەر: ڕۆژ لە کوێ هەیە !!

قەیسەر: کەواتە تۆ خەتارناکی و بەردەوامیی ترست هەیە و شێتی.

سواڵکەر: ئای کە سەگێکی چاك بوو , ئاسایی نەبوو , شایانی هەموو شتێك بوو. تەنانەت هەندێك جار گۆشتیشی بۆ پەیدا دەکردم و جاری واش هەبوو کە بەشەو لەناو جلە شرەکانمدا دەخەوت. جارێکیان هاوارێکی بەر بلاّو لەناو شاردا پەیدا بوو , هەموویان دژ بە من بوون , چونکە من هیچ شتێکی وام بەکەس نەدەدا کەشایانی باس بێت , تەنانەت سەربازەکانیشیان لێم هاندا. بەلاّم سەگەکەم هەموویانی ڕاونا.

قەیسەر: باشە تۆ بۆ ئەم باسەم بۆ دەکەی ؟

سواڵکەر: چونکە بە گێژت دەزانم.

قەیسەر: باشە چیتر لەمندا دەبینی ؟

سواڵکەر: دەنگێکی کەساست هەیە , کەواتە تۆ ترسنۆکی. تۆ پرسیارێکی زۆرم لێدەکەی , کەواتە تۆ خوێڕیت. تۆ بەردەوام هەوڵدەدەیت تەڵەم بۆ دابنێیتەوە , کەواتە بە هیچ شێوەیەك باوەڕت بە خۆت نییە. تۆ سەرەڕای ئەوەی کە باوەڕ بەمن ناکەیت , گوێم لێدەگریت کەواتە تۆ مرۆڤێکی بێ توانایت و , سەرباری هەموو ئەمانەش تۆ لەو باوەڕەدایت , کە تەواوی جیهان بەدەورتدا دەخولێتەوە , لەکاتێکدا زۆر مرۆڤی وەکو من هەن , گەلێك لەتۆ گرینگترن. بێجگە لەمەش تۆ کوێرو کەڕو نەفامی. بێگومان کەمیی تریشت هەن کە من پێیان نازانم.

قەیسەر: ئەمانە شتی خراپن. ئەی باشە تۆ هیچ چاکەیەك لەمندا نابینی ؟

سواڵکەر: قسە بەنزمی دەکەیت , کەواتە لووت بەرز نیت. پرسیاری زۆر دەکەیت کەواتە حەزت لە فێربوون و زانین هەیە. هەموو شتێك تاقی دەکەیتەوە , کەواتە دوو دڵی. گوێ لە درۆی زل دەگری , کەواتە هێمنی. وادەزانی گشت دونیا بەدەوری تۆدا دەخولێتەوە , کەواتە لە مرۆڤەکانی تر خراپتر نییت و بیر لە شتی قۆڕتر ناکەیتەوە. سەرەڕای ئەوەش سەرت بەوە لێنەشێواوە کە زۆر شتت بینیوە , سەری خۆت بەو شتە نایەشێنیت کە پەیوەندی بە تۆوە نییەو لەبەر زۆر زانین پەکی خۆت لەچالاکی و کردەوە نەخستووە. چاکەکانی ترت خۆت بە خۆت و یاخود کەسێکی کە چاکتری دەزانی.

قەیسەر: تۆ زۆر زیرەکیت.

سواڵکەر: هەموو بەشان و بازوو هەڵدانێك نرخی خۆی هەیە. بەلآم چاوەڕوانی ئەوەم لێمەکە کە ئێستاکە من نرخی پیاهەڵدانەکەت بدەمەوە.

قەیسەر: من پاداشتی ئەو هەموو کارانە دەدەمەوە کە بۆم دەکرێن.

سواڵکەر: ئاساییە , ئێستا تۆ کە لەم دەمەدا چاوەڕوانی چەپڵە لێدانم لێدەکەی , تەنیا باری ئاساییت پیشان دەدەیت.

قەیسەر: من هیچ ڕقت لێ هەڵناگرم. ئایا ئەمەش شتێکی ئاساییە ؟

سواڵکەر: بەڵێ. چونکە تۆ ناتوانیت هیچم لێبکەیت.

قەیسەر: دەتوانم بتخەمە زیندان.

سواڵکەر: ئایا ئەوێ ساردە ؟

قەیسەر: هەتاوی تێناچێت.

سواڵکەر: هەتاو نییە. تۆ بۆ وابێ بیری ؟

قەیسەر: دەتوانم بە کوشتت بدەم.

سواڵکەر: کەواتە چیتر باران تەرم ناکات. ئەسپێ و کێچ ڕێگا و بانیان دەگۆڕن. زگم ئاسوودە دەبێ. گەورەترین هێمنیم دەست دەکەوێت,هەست بە چێژ دەکەم , ( پاسەوانێك دێت و دەچرپێنێتە گوێی قەیسەر )

قەیسەر: پێیان بڵێ زۆر ناخایەنێت. ( پاسەوانەکان دەکشێنەوە ) من هیچ جۆرە بەرخوردێکی لەم جۆرەت لەگەڵدا ناکەم. بابیری لێبکەمەوە چیت لەگەڵدا بکەم !

سواڵکەر: بەلآم ئەمەیان نابێت بەکەس بڵێیت. چونکە هەرکاتێك کە کردەوەکانت ببینی , شێوەی بیرکردنەوەو ڕەوشتیشت دەبینی.

قەیسەر: من باوەڕناکەم کە مرۆڤ ڕێزم لێنەگرێ.

سواڵکەر: هەموو کەسێك سەر بۆ من دادەنەوێنێ. بەلآم من هیچ گوێی نادەمێ. تەنیا شەڕفرۆشەکان بە زۆر بڵێی و پرسیار بێزارم دەکەن.

قەیسەر: ئایا منیش بێزارت دەکەم ؟

سواڵکەر: ئەم پرسیارەت لەهەموو ئەوانی دی قۆرتر بوو , بەڕاستی تۆ کابرایەکی بێ شەرمی. تۆ ڕێزی مافی مرۆڤەکانی تر ناگریت. تۆ نازانی تەنیایی چۆنە , هەربۆیە چاوەڕوانی چەپڵەی لەکەسێکی بیانی وەك من. تۆ پێویستت بە ڕێزلێگرتنی هەموو مرۆڤێك هەیە.

قەیسەر: من دەسەلاّتدارم , بۆیە ڕێزم لێدەگرن.

سواڵکەر: ڕەشمە دەڵێ من حوکمڕانیی ئەسپ دەکەم. دەنووکی پەرەسێلکە دەڵێ من ڕێنمایی پەرەسێلکە دەکەم. لووتکەی دارخورماش دەڵێ من دارخورما بەرەو بەرزایی ئاسمان هەڵدەکێشم.

قەیسەر: تۆ پیاوێکی خراپی. ئەگەر بیرم لەوە نەکردبایەتەوە ,کە لووت بەرزیم بریندار دەبێ , ئەمرم دەکرد لەناوت بەرن.

سواڵکەر: ئۆرگۆنەکەی دەردەهێنێ و دەست دەکات بە مۆسیقا لێدان.

پیاوێك: ( بە پەلە بە بەردەمیاندا تێدەپەڕێ و سەری دادەنەوێنێ ).

سواڵکەر: ( ئۆرگۆنەکەی هەڵدەگرێتەوە ) , ئەم پیاوە ژنێکی هەیە دزی لێدەکات. شەوان خۆی بەسەریا دەچەمێنێتەوە , بۆ ئەوەی پارەکەی لەگیرفان دەربکات. هەندێك جار بەخەبەر دێت و بەسەر خۆیەوە دەیبینێ. ئەو کاتە پیاوەکە وادەزانێ ژنەکەی ئەوەندە خۆشی دەوێ و بەبێ ئەو خەوی لێناکەوێ و بۆیە دەبێ بەردەوام چاوی لێبێ. هەر بۆیەش چاو لەوردە فێلەکانی دەپۆشێت.

قەیسەر: هەمدیسان دەست پێدەکەیتەوە. ئەمە هیچێکی ڕاست نییە.

سواڵکەر: برۆ ئیتر خەریکە خوێڕی دەبی.

قەیسەر: بەڕاستی ئەمە لەسنوور دەرچوونە.

سواڵکەر: دەست دەکاتەوە بە مۆسیقا لێدان.

قەیسەر: ئایا ئێستا گفتوگۆکەمان کۆتایی پێهات ؟

سواڵکەر: ئێستا هەموو کەسێك دەزانێت , لەبەر ئەو تۆزە مۆسیقایە , ئاسمان جوانتر و زەمین بە پیتتر دەبێت , هەموویان ژیانیان درێژتر دەبێت , لەبەر هەندێ ئاواز لە خۆیان و لە دراوسێکانیان دەبوورن.

قەیسەر: باشە هیچ نەبێ پێم بڵێ , تۆ بۆچی لەلایەك هێندە ئێسکی منت بەلاوە قورسە و , لەلایەکی تریشەوە ئەو هەموو گفتوگۆیەت لەگەڵدا کردم ؟

سواڵکەر: بەپاڵدانەوەوە , چونکە ئەوەندە تۆ بێ قیمەت بووی , گوێت لەوڕێنەکانم گرت کە من پێویست بوو بیانگێڕمەوە , تا دەردی تۆپینی سەگەکەم لەبیر خۆم بەرمەوە.

قەیسەر: ئێستاکە دەڕۆم. تۆ خۆشترین ڕۆژی ژیانت لێ تاڵ کردم. من نەدەبوو لەلات ڕاوەستم. بەزەیی پیاهاتنەوە شتێکی زۆر بێ مانایە. تاقە شت کەهەتە جەسوور بوونەکەتە , کە بەم شێوەیە لەگەڵ مندا دەدوێی. هەر بۆیە هێشتم هەموویان چاوەڕوانیم بکەن.

( قەیسەر دەڕوات , پاسەوانەکانیشی بەرێدەکەون. سەرلەنوێ دەنگی زەنگەکان بەرز دەبنەوە )

سواڵـكەر: ( بینەران ئێستاکە دەبینن کە کوێرە ) , ئەوا ئێستا ڕۆیی. دەبێ ئێستاکە پێش نیوەڕۆ بێت , چونکە بایەکە گەرمی کردووە. لاوەکە ئەمڕۆ نایەت. ئەمڕۆ لەناو شاردا ئاهەنگێڕانە , ئەو سەر شێتەش چۆتە ئەوێ. ئەوا منیش دیسان دەبێ بیر لە سەگەکەم بکەمەوە.